# خوێن تا ڵی. . . . ئەی عه بدەکەی باری. .

**سیروا ن بابان/نۆرنبێرگ**
baban5@msn. com

خوێن تاڵت ئەویٚ ئێسکی گرانت گەرەکە

بۆ تە کیە بچۆ کە دەرد و ژانت گە رەکە

عومەر خەیام

ئەزانم گوناهە کەناوی ئەو زاتە پیرۆزە ( خەیام) لە گەڵ ناوی چەند عەرەبێکی شۆفێنی و چەند دڕندەیەك لەیەك بابەتدا کۆبکەمەوە بەڵام چ بکەم خەیام ئەوەندە جوان مەبەستەکەی پێکاوە کەناکرێت ئەو گوناهە نەخەمە ئەستۆی خۆم.

جا لێرەدا پێویستە بڵێم دەم خۆش ئەی شاعیری مەزنی هەموو سەردەمان تۆ لە وسەردەمەدا وەسفی تەواوی ئەو ڕیشدا ر و بەناو پیاوی ئاینیانەت کردوە جوان سەلماندوتە کەئەوانە ڕێژەی نەگۆڕن وە هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ هاووشێوە و هاوبیرەکانیاندا، جالە هەر سەدە و لەهەرچ لایەك ژیا بن، ڕاستە لەو زەمەنەی کە تۆی تیا ژیاوی دونیایەکی دواکەوتوو تر بووە لەئێستا، تۆ مەلات دیوە بەڕیشی چڵکن و جل وبەرگێکی بۆندارەوە، وە ڕەنگە کاتیٚ مەلایەکی نەختێك خاوێنت دیبێت بێزت نەها تبێت نزیکی بکەویت لەبەر ئەوەی بۆنی دەمیت کردووە لە ووتەکانیا زانیوتە کەبۆنی خوێن و هە ڕەشەی ناهەقیی لێدێت، وەلەلات ئاشکرابووە کەتەنها کاری ئەومەلایە ئەوەیە کە ئەنسار و موریدەکانی خۆی لەسەر شەڕو ئاژاوە و تۆڵە سەندنەوە و کوشتن و بڕین و ڕق لێبوون پەروەردە دەکات. . . . .

ئاخر جوانترین ووتە کە لەسەری کۆکن ئەوەیە کە دەڵێت ( هاوپشتی براکەت بە چ زاڵم یان زوڵم لێکراو بێت) زۆری لە سە ر نارۆم کاکە خەیام ئەوانەی تۆ دیوتن و ڕقت لێیان بووە و حەزت بەچارەیان نەکردووە، ئەوەتان پاش ئەو هەموو زەمەنەو ئەو هەموو ساڵە وا لوتمان بووە بە لوتیانەوە و بۆئێمەش بوو نە تە دەرد و وژان. . .

بەڵی خوێنەری هێژا گەر تۆش ئەتەوێت نەختێك بەو دەردوژانە ئاشنابیت زۆر ئاسانە، هەموو شەوێك سەردانی کەناڵە عەرەبیەکان بکە هەر لە سعودیەوە تادەگاتە شاریجە و یەمەن و هتد. . . . . کاتی بەرنامە ئایینیەکان وەبەتایبەتی کاتی شیکردنەوەی ئایەت یان ووتەکانی پەیامبەر*، جاریٚ دەبینی کە ڕووت بە ڕووی کابرایەکی ڕیش درێژی چاو کزی قژ بژی زۆر نا شرین دادەتەقێت کە باوەڕ ناکەم بتوا نیت بەردەوام بیت لە دیداری، ئەمە جاریٚ *ئێسکی گران* جا کاتێکیش گویٚ بۆ ووتاری هەڵئە خەیت وات بۆ ڕوون دەکاتەوە کە خوا وەند ئەم دوونیایەی لەبەر دووشت درووست کردووە یەکەمیان (عەرەب) و دووەم (کوشتنی خەڵکی غەیری عەرەب) خۆ ئەگەر حەوسەڵەشت نەبوو لەگەڵیا بەردەوام بیت ئاساییە بەرەو هەرلایەك بڕۆیت هەر ئەوانن بەڵام ئەگەر هەرسوور بیت لەسەر ئەوەی *خوێن تاڵ* ببینیت ئەوا بەرەو ئەو کەناڵانە بڕۆ کە پیاوەکانی ڕژێمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ بەڕێو بەرایەتی دەکەن، لێرە هەر زوو بۆت دەر دەکەوێت کە کەم کەس هەیەلە ( عەبد بیٚ باری عەت وان و موستەفا بەکریٚ) * و هاوڕێکانی *خوێن تاڵ* تر بن، ئاخر ئەمانەش هە ر لەو جۆرە مەلایانەن بەڵام بە جل و بەرگ و پۆشاکی جوانەوە بەڵام. . . . . . . . بۆنی دەمیان. . . . . ؟

بۆ *دەرد و ژانیش* ؟ ئەوا زۆر لەکەناڵە عەرەبیەکان کت و مت کۆنە وەزارەتە کەی سەحافت وەبیر دەخاتەوە، چونکە ئەو هەواڵە نا دروو ستانەی کەئەمانە بڵاوی دەکەنەوە بەڕاستی دەردێکی تەواون. لەبەرئەوەی بەشێوەیەك ڕۆڵی داپۆشینی تاوانەکانی بەعس و هاووشێوە کانی دەبینن کەلە جەمسەرێکی ترەوە زیانی گەورە بەچەندین مەسەلەی گرنگ دەگەیەنن، ئاخر ئەم هەموو تاوان و درۆو دەلەسانە لە ژێر پەردەی ئیسلام و دینە کەییدا بەڕێوە دەبەن * !!!. . .

مەلاکان. . بۆ ئێوە زۆر ئاسانە بەناوی دین و نەتەوە پەرستیەوە چەند سەد کەسێك لەخشتە بەرن تا ببنە قە ڵغانی مەرامە بۆگەنە کانتان وەلە چەند شوێنێکی ئەم دونیایەدا بۆمبا بەخەڵکی سڤیلدا بتەقێننەوە وببنە هۆکاری مەرگی بەکۆمەڵی هەزاران کەسی بێتاوان.

. . .

پاشانیش هەر لە کەناڵەکانی خۆتانەوە باس لە ئازایەتی و توانای پۆڵایینتان بکرێت. . . . . . . . . بەڵام ئەوەی ئێوە ناتوانن و پێتان ناکرێت بیشارنەوە ئەو ڕووە شۆفێنییەیە کە هەموو مەرامێکتان ئەوەیە لەژێر پەردەی ئایین دا گشت تاوانەکانتان بۆ بچێتە سەر وە ئومێدتان ئەوەیە کە کەس لەسەر ئەم زەوییە براگەورە نەبێت جگە لە خۆتان وە چەندین خەونی گڵاووی ترتان. . . . . . .

بەڵام ئەی ( عەبدەکەی باری عەتوان) وەك خۆت فەرمووت سوپاس بۆ ئەمەریکای برامان کە ئێمەی کورد بەرەو سەر و* وە ئێوەش هەر بە ڕەو خوار دەبات، هیوای منیش بۆ ئێوە هەر نشێوییە. . . . . .

٠٣ .٠٦ .٠٩ .

* مەبەست لەو شیی کردنەوانەیە کەئەو مەلایانە بە پێی مەرامی خۆیان دەیکەن نەك دەقە پیرۆزەکان.

*لەسەر کێشی بەکرێ گیراوو. . .

* ئەوەندە بەسە کە ناوی سوورەتی *ئەنفال* یان بۆ قڕ کردنی کورد بەکار هێناوە و هێشتا ئەو مەلا شۆفێنیانە بەناوی دین و نەتەوەی عەرەبەوە بەرگری لە بەعس دەکەن. . .

وەڵامی عبدالباری عنطوان بەو نامە نارەزاییەی کە لە کوردستان نێت
ەوە کوردەکان بۆ ڕاگەیاندنە عەرەبیەکانیان ناردووە.

المستغرب انکم تریدون من الناس ومن القنوات الفضائیة ان تتبنی
اي قضیة انتم لا تحتاجون احد ان یتبنی قضیتکم بعد الان
والحمدلله عندکم الامریکان وهل تریدون اکثر من ذلك والان
تصادرون اراضي الغیر وتطردون الناس من بیوتها وماذا
تریدون اکثر من ذلك وشکرا

* *

www.kurdistannet.org کوردستان نێت